# كاريكاتێر بە وشە

# کاریکاتێر بە وشە

حەمەسەعید حەسەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حەمەسەعید حەسەن
کاریکاتێر بە وشە – ساتیر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٨١
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٧٤ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## لە بارەی ساتیرەوە

کاغەزم لەبەردەمدایە،
قەڵەم بە گوێچکەمەوەیە،
ئانیشکم لەسەر مێزەکەمە،
دەستم بە ڕوومەتمەوە گرتووە،
بیر دەکەمەوە چی بنووسم؟
(سێرڤانتس)

ساتیر سەرەتا بە شیعر لە دژی جەنگ و ژنی جادووباز نووسراوە و دواتر پەڕیوەتە ناو هەموو ژانرە ئەدەبییەکانەوە، بە تایبەتی شانۆنامە و ڕۆمان. بە دەگمەن ڕۆمانێک هەیە، ساتیری تێدا نەبێت. ساتیر: کاریکاتێرە بە وشە و باس لە بەدڕەوتاری دەکات و ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندییە نەگونجاوەکان. یۆڤەنالیس کە پێش لە دایکبوونی مەسیح ژیاوە و دەشێت یەکەمین ساتیرنووس بووبێت، دەیگوت: (ئەستەمە لەم سەردەمەدا بژیت و ساتیر نەنووسیت.) لە هیچ سەروەختێکدا ساتیرنووس لەسەر بابەت پەکی ناکەوێت. ڕۆمەکان سەد ساڵێک پێش لە دایکبوونی مەسیح ساتیریان نووسیوە. دێرینترین ساتیری سوێدی، لە سەدەی پازدەیەمدا دژی جیاوازیی ئاستی ژیانی هەژاران و دەوڵەمەندان نووسراوە.

ساتیر لە بنەڕەتدا فۆرمێکی ئەدەبیی لاتینییە بە نێوەڕۆکی جیاواز کە دەشێت بریتی بێت لە فەلسەفەی مۆراڵ، سەفەرنامە، یان گێڕانەوەی ژیاننامەی کەسانی ناودار بە شێوەی گاڵتەجاڕی. تیۆریی ئەدەب، ساتیر دەباتەوە سەر کۆمیدیا. ساتیر لە فۆرمێکی ئەدەبیدا بە شێوازێکی

گاڵتەجاڕییانەی بریندارکەر، ڕەخنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و کەسایەتییە سیاسی و کولتوورییەکان دەگرێت.

ساتیر بە باڵی تەوس و لاقرتێ دەفڕێت، بێ سڵکردنەوە، ڕاستی دەڵێت، تیرێکە ڕووی لە سینگی جەللادە و دەستێکە تەوقە لەگەڵ دیکتاتۆردا ناکات. ساتیر خوێنشیرینانە باس لە لایەنە تاڵەکانی ژیان دەکات و گاڵتەئامێزانە ئاوڕ لە کارەسات دەداتەوە و خوازیارە لێوی خوێنەر بە زەردەخەنەیەکی تەوساوی بگەشێنێتەوە. ساتیر مەرج نییە شیعر بێت، وەلێ یەکێک لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی شیعر کە ڕاستگۆییە، خوێنە و بە دەماریدا دەگەڕێت، هەر بۆیە خوێنەری ئاسایی بە تامەزرۆییەوە و بە ئاشکرا، لە ئامێزی دەگرێت و هەڵبژاردەیش بە نهێنی دەم بە پلووسکییەوە دەنێت.

ساتیر گاڵتەئامێزانە باس لە شتە هەرە بایەخدارەکان دەکات، ئەوە نییە گەلێک جار لەسەر شانۆی ژیانیش، ڕاستی لە ڕێی قۆشمەوە دەدرکێنین و کە گوێگر مەبەستی قسەکە دەناسێتەوە و گرژ دەبێت، وا ڕاهاتووین بڵێین، شۆخی بوو. داریۆ فۆ دەڵێت: (ساتیر بە کلیلی پێکەنین دەرگای مێشک دەکاتەوە، تا هۆش بچێتە ژوورەوە.) ساتیر بتی داب و نەریتی دێرین دەشکێنێت، ئاوڕووی پارێزەرانی ڕەوشتی زاڵ دەڕووشێنێت و بۆ ئەوە کۆشش دەکات، ئینسان سەر بۆ فیکری سەروەر و واقیعی باو نەوی نەکات.

## گاڵتە

باشترین جۆری نواندن، ئەوەیە بینەر هەست نەکات ئەکتەر سەرقاڵی نواندنە، بەڵکوو پێی وابێت ئەوەی لەسەر تەختی شانۆ ڕوو دەدات، ژیانێکی ڕاستەقینەیە. باشترین جۆری وەرگێڕان، ئەوەیە خوێنەر هەست نەکات ئەوەی دەیخوێنێتەوە وەرگێڕانە، بەڵکوو بە ئۆرگینالی تێبگات. باشترین جۆری ساتیریش ئەوەیە، نووسەر هەست نەکات خەریکی نووسینە، بەرهەمێک وەها خۆڕسکانە لە دایک ببێت، ڕاستگۆیی لێ دەتکێت.

ئەبوو جەعفەری مەنسوور دەیگوت: (خەڵکینە! خودا منی کردووە بە

خاوەنی سامان و گیانی ئێوە، ئەگەر بمەوێت هەردووکیتان لێ زەوت دەکەم.) هەنووکەیش ویلایەتی فەقیە مافی ئەوەی هەیە، (فەرمان بدات ماڵی پیاوی موسڵمان کاول بکرێت و ژنیشی پێ تەڵاق بدرێت.) گوێنتەر گراس پێی وایە، (هیچ شتێک هێندە باڵا نییە کە نەتوانین گاڵتەی لەتەکدا بکەین،) بۆیە دەشێت ئەو گوتە (پیرۆز)انە ببنە کەرەسەی ساتیر. میلان کوندێرایش دەڵێت: (ساتیر هونەرێکە لە ڕێی گاڵتەکردن بە بیر و کردەوەی کەسانی ناخپووتەوە، پەیامی خۆی دەنێرێت.)

بایەخی ڕۆمانی (ئۆجین ئۆنیگین)ی پووشکین، بەو زمانە شیعرییەوە بەندە کە پێی نووسراوە. زمانی رووسی مردبوو، پووشکین بەو ڕۆمانە گیانی بە بەریدا کردەوە. ساتیر ئەگەر بە زمانێکی ئاسانی قووڵ نووسرا، چونکە خوێنەرێکی زۆری هەیە، ڕۆڵێکی گرنگ لە خاوێنراگرتن و گەشەپێدانی زماندا دەگێڕێت. ساتیر بە زمانێکی ئەدەبیی گاڵتەئامێزی ڕەوان و شیرین، ڕاستییەکی تفتوتاڵ بەسەر دەکاتەوە. ساتیرنووسین کارێکی گەلێک دژوارە، ئاخر ساتیرنووس، بۆ نموونە، ئەگەر هانای بۆ ژانری چیرۆک برد، دەبێت وێڕای ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی ساتیر، وریای ئەوەیش بێت، ئەوەی دەینووسێت مەرجەکانی چیرۆکیشی تێدا بێت. کارێکی ئاسان نییە، تاڵترین ڕەخنە، بە شیرینترین شێوە بدرکێنیت، ئاخر عەلی ئیسماعیلزادە گوتەنی: (ساتیر کاکڵەیەکی تاڵە، لەنێو توێکڵێکی شیریندا و نامەیەکی تەوساوییە لە کەسێکەوە کە دەزانێت بەڵام ناتوانێت، بۆ کەسێک کە دەتوانێت بەڵام نازانێت.)

زۆر جار ئەوانەی دەکەونە بەر هێرشی ساتیر و دەبنە کەرەسەی قۆشمە، هاوسەنگییان تێک دەچێت. دۆریس لیسینگ دەڵێت: (بۆ داکۆکیکردن لە بیروڕا کۆمەڵایەتییەکان، هیچ فاکتەرێک ئەوەندەی پێکەنین کاریگەر نییە.) تیری ساتیر دەشێت هێندە بە ئازار بێت، کەسی ئەنگاوتە هیچ خۆشییەکی لێ نەبینێت، ئاوەز لە دەست بدات و بیر لە تۆڵە بکاتەوە. جێی سەرنجە، د. موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت: (ئەوانەی بەر پلاری شێخ ڕەزا دەکەوتن، نە خۆیان و

نە کـەسـوکـاریان زویر نـەدەبوون و لـە ڕووی هونـەرییـەوە تەمـاشـای ئەو شیـعرانەیان دەکرد.) بـە هۆی شیـعری جوانی شـێخ ڕەزاوە، نـاوەیلی دەیان کـەس بە نەمـریی مـاونەتەوە. ئەگـەر سـاتیـرەشـیـعری شـێخ ڕەزا نـەبووایە، بۆ نموونە، کێ (حەمەی وەستا فەتاح)ی دەناسی؟

ئامـانجی ساتیـر هـەر وروژاندنی پێکەنین و بەخشینی چێژ و خۆشی نییە بە خوێنەر، بـەڵکوو هاندانیشییەتی بۆ ڕامـان و پرسیاری قـووڵ کردن. سـاتیر پشت بە (ئایرۆنی)(*) دەبەستێت، شتێک دەڵێت و مەبەستی پێچەوانەکەیەتی. سـاتیرنووس شـتی ئاسایی بە شێوەی سەیر کە مایەی پێکەنین بێت، نیشـان دەدات. نووسـەری ساتیر بە ڕێگەیەکی خاوێن، چێژ و خۆشی بـە خەمباران و ناڕازییان دەبەخشێت، ڕەگەزی مێ، خێڵێک، میللەتێک یان خەڵکی شارێکی دیاریکراو بریندار ناکات.

## کۆمیدیا

خـەڵکی سـاکار پێیـان وایە، کۆمـیـدیا پێـوەندیی بە ئازارەوە نییـە، وەلێ لە سـاتیـردا، لەودیو هەر قـاقـای پێکەنینێکەوە، قـوڵپی گریانێک خـۆی مـات داوە. پێکەنـین پێوەنـدیی بە پاشـخـانی ڕۆشنبـیریمانـەوە هەیە و لەو سـەرچاوەیەوە هەڵدەقـوڵێت کـە دنیـای پێ دەبینین، ئاخـر بە هۆی پێکەنینیـشـەوە دەتوانین هەست و بیروڕای خۆمـان دەربـبڕین. بینینی لایەنی قـۆشمـە لە ڕووداوێک یان دیاردەیەکدا پێویستـی بە ئاستێک لە زیرەکیی هەیە. پێکەنین بە گژ ئەوانەدا دەچێتەوە کە نابینایانە داکۆکی لە بیروباوەڕێک دەکەن. پێکەنین نە هەرگیز ئامێرێک بووە بە دەستی دەسەڵاتدارانەوە بۆ سەرکوتکردنی بێدەسەڵاتان، نە قـەت دۆگـمـای خـوڵقـاندووە. ئەوی لە خـۆی و لە دەوروبـەر ڕازی بێت و قـەت پیشی نەخواردبێتەوە، بەهای گاڵتە نازانێت و چونکە پێویستیشی بە خەم بە بادا دان نییە، دەشێت هیچ قۆشمەیەک نەیهێنێتە پێکەنین.

کۆمیدیایش وەک تراژیدیا، یاریدەی پاکژکردنەوەمان دەدات، ئاخـر پێکەنین زەبروزەنگ لە ناو دەبات. فرۆید پێی وایە، قۆشـمە ئینسـان خاوێن دەکاتەوە و

پێکەنین دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئامێزی منداڵی. تراژیدیا لە ڕێی وروژاندنی بەزەیی و ترسەوە، ئینسان پاکژ دەکاتەوە، کۆمیدیا بە هۆی نیشاندانی هاوسۆزی و پلار تێ گرتنەوە. خوێنەر بەزەیی بە دۆنکیخۆتە و سانچۆدا دێتەوە، لە کن بینەری هەستناک (پیسکەی تەرپیر)ی (مۆلییر)یش شیاوی بەزەیی پێدا هاتنەوەیە. مۆرالیستەکان پێیان وایە، تەنیا تراژیدیا هونەرێکی باڵایە و کۆمیدیا بە هێند ناگرن. کۆمیدیا بۆ نموونە لای مۆلییر، کارێک دەکات خۆمان بناسین، ئاخر ڕووپۆشە ساختەکان لا دەدات و ڕووخسارەکان وەک خۆیان نیشان دەدات.

## جۆک

ساتیر ئیسفەنجێکە زووخاو هەڵدەمژێت، بۆ ئەوەی ساتیر دروست ببێت، پێویستە لای کەم گەوجێک و فێڵزانێک هەبن، ساتیر زادەی پێوەندیی نێوانیانە و قارەمانەکەی هەمیشە گێلە. فرۆید دەڵێت: (جۆک پێویستی بە سێ کەسە، یەکێک کە دەیگێڕێتەوە، یەکێک کە نوکتەکەی لێ قەوماوە و یەکێک کە گوێی لێ دەگرێت. جۆک کە هەر یەکەم جار گوێگر دەبزوێنێت، گێڕانەوەی جۆرێکە لە هونەر، وەلێ ئەوی لە کاتی پەیڤیندا نوکتە دروست بکات، بلیمەتە. جۆک یان خاوێنە یان بریندارکەر، نوکتەی بریندارکەر مەبەستێکی ئاوڕووبەرانەی لە هەناودایە و لە ساتیر نزیک دەبێتەوە. قۆشمە هەیە سەرچاوەکەی شیرینە و هەیە لە سەرچاوەیەکی تاڵەوە هەڵدەقوڵێت، ئەو نوکتانەی مەبەستێکیان لە ناخیاندا حەشار داوە، کاریگەرترن.

نوکتە تەنیا پشت بە گاڵتە دەبەستێت، بەڵام ساتیر لەسەر بناغەی گاڵتە و بەزەیی ڕۆ دەنرێت. پیاوێکی پیر کە بە شێوەیەکی ناشیرین، قژی بۆیە کردبێتەوە، لە نوکتەدا مایەی پێکەنینە، لە ساتیردا، جێی پێکەنین و بەزەیی پێدا هاتنەوەیە. ڕووداوێک بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی ساتیر، پێویستە ناکۆکی یان پارادۆکسی لەنێو خۆیدا هەڵگرتبێت و ئاماژە بۆ تابوو بکات. بە پێچەوانەی چیرۆکەوە، لە ساتیردا پشت بە ڕێکەوت بەستن، خاڵێکی لاواز

نییـه، بەڵكوو لە خـزمـەتی دروسـتـبوونی گـاڵتـەدایە، ئەوە بـۆیە چیرۆكـەكـانی عەزیز نەسین تەژین لە ڕێكەوت.

گـاڵتـە دەشـێت بە مـەبەسـتی كـەمكردنەوە لە بـەهـای شـتـێك یان كـەسـێك بخـرێتـە گـەڕ، یـان ئـامـانجی تێـركـردنی ئـارەزوویەك بێت، یان بۆ ڕەواندنەوەی دڵـەڕاوكێ هـانـای بـۆ ببــرێت، یـان تـەنیـــا بـۆ چێـــژ لـێ وەرگـــرتن، لە ڕێـی گـەمـەكـردنەوە لەتـەك وشـەدا. شـەمـران ئەلیـاسـری دەیگوت: (إن ألإمـبـریالیـة المسلحـة بالدجـاج،) لە بری (المدججة بالسـلاح.) المتـشـائل، ڕۆمـانێكی (ئـەمـیل حەبیبی)یە كە هـەر لە نـاونیشـانەكەیەوە، گەمەی لەگەڵ هـەردوو وشـەی متشائم (ڕەشبین) و متفائل (گەشبین)دا كردووە.

## پێكەنین

دەربارەی ڕۆمـانی (ناوی گوڵ)ی ئێـمـبێرتۆ ئێكۆ كە بە پازدە ساڵ نووسـراوە، مـیلان كوندێرا دەڵێت: (ناوی گوڵ بۆ داكۆكیكردن لە پێكەنین نووسراوە.) كە (بۆرگـۆ) ئەو پیاوەی لە ڕۆمانەكەدا داكۆكی لە ئایین دەكات، دەڵێت: (پێكەنین جەستە دێنێتـە سـەما، سیما دەشێوێنێت و كارێك دەكات ئینسان لە مەیموون بچـێت،) قـارەمـانی نـاوی گـوڵ دژی ئـەو بۆچوونـە دەوەسـتـێت و دەبێـژێت: (مـەیموون پێناكـەنێت، لەنێـو هەمـوو زیندەوەراندا تەنیـا ئینسـان دەتوانێت پێبكەنێت.) ڤاتیكان زۆر سـەغڵەت بوو بەوەی (داریۆ فۆ)ی ساتیرنووس ١٩٩٧ نۆبێڵـی وەرگرت و گـوتی: (بە داخـەوە دوای پرانـدیللۆ، قـۆشـمـەچییـەكی وەك داریۆ فـۆ نۆبێل وەردەگرێت.) لە توركیـا تیـپـێكی شـانۆیی، كـاتێك سـەرقـاڵی نمایشكـردنی پییـەسـێكی داریۆ فـۆ بوون، بـۆمـبێكی ئیـسـلامـە توندڕۆكان لە نێوانیاندا تەقییەوە.

پێكەنین كە لە ڕوانگەی (میخـاییل باختین)ەوە، لەبەر ڕۆشنایی لۆگیكدا لێك نـادرێتــەوە، جگە لـەوەی (مــەشـــقـــە بۆ گــەلێك مـــاســـوولكە و تـەكنیكێكی هـەناسـەدانە،) گەلێك سوودی دیكەیشی هـەیە، وەك:

* ئینسان لە ژاراویبوونی جەستەیی و مەعنەوی دەپارێزێت.

* مێشک مەساج دەکات و لە بواری سێکسیشدا وزەبەخشە.
* کاریگەرییەتیی گوشاری کار کەم دەکاتەوە و بەری گۆلی پیشخواردنەوە بەرەڵا دەکات.
* یارمەتی دڵ و خوێنبەرەکان دەدات، تا جوانتر ئیشی خۆیان بکەن.
* لە ڕووی دەروونییەوە ئینسان چالاک دەکات، ئاخر وەرزش لەش خاوێن دەکاتەوە، پێکەنینیش گیان.
* ئینسان لەبەردەم خەمۆکی، بێخەوی، دڵەڕاوکێ و ترسدا بەهێزتر دەکات.
* خەفەت لە بیر ئینسان دەباتەوە و وا دەکات پتەوتر خۆی لەبەردەم ئازار و نەخۆشیی جەستەییدا ڕابگرێت.

کلۆدیا سییەس کە دەروونناسێکی ئەڵمانە، دەڵێت: (پێکەنین و گاڵتەکردن بە هەڵەی کەسانی دیکە، دیاردەیەکی شارستانییە، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو گوشارەی لەسەر خەڵک هەیە و شەکەتی لە لەش و گیانیان دەردەکات، بۆیە ئەوی بە هەڵەی کەسانی دیکە پێبکەنێت، هیچ پێویست ناکات، سەرکۆنەی خۆی بکات.)

ڤۆڵتیر ڕۆمانی دۆنکیخۆتەی (سێرڤانتس)ی کە لوتکەی ئەدەبی ساتیرە، بە ئۆدیسا بەراورد کردووە، شیلینگ بە نموونەی باڵای ڕۆمانی زانیوە، دەستۆیفسکی پێی وابووە، ڕۆمان لە دۆنکیخۆتە قووڵتر و بەهێزتر نەنووسراوە. هاینە، ستاندال، سانت بیف و هیگۆ دۆنکیخۆتەیان کە ئاوێنەیەکی ڕاستبێژی سەردەمەکەی بووە، بە هەموو شەرمەزاری و گەندەڵییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە، بەرز نرخاندووە. سێرڤانتس لە ژیانیدا کوێرەوەرییەکی زۆری دیتوە و لە زیندانەوە دەستی بە نووسینی دۆنکیخۆتە کردووە، هەر بۆیە گاڵتەجاڕییەکەی هەمیشە خەمناکە.

(ژن وەک شووشە وایە،
نابێت تاقیی بکەینەوە،
بزانین دەشکێت یان نا.)

سێرڤانتس بەو زمانە شیعرییە، دۆنکیخۆتەی نووسیوە، ساتیری وا سەرکەوتوو، سنووری وەخت دەبەزێنێت و لە هەموو دنیادا خەڵک دەهێنێتە پێکەنین. ڤۆڵتیر، هۆڤمان، بیرنارد شۆ، گۆگۆڵ، ستریندبێری، توخۆلسکی، ئەندریە ژدانۆڤ، کارڵ چاپیک، عەزیز نەسین، مرۆژیک، گوێنتەر گراس، ئێمیلی حەبیبی و داریۆ فۆ، لە ساتیرنووسە بەناوبانگەکانی دنیان.

ژێدەرەکان:

(1) Hans Lindström, Skrattet t världen i litteraturen, Carlsson bokförlag 1993 Stockholm.

(2) Bengt Holmqvist, Satir frn Aristofanes till Voltaire, Tidens förlag 1966 Halmstad.

(3) Bengt Holmqvist, Satir frn Byron till Dagerman, Tidens förlag 1966 Halmstad.

(4) Peter Loewe, Vild glädje, D. N, kultur 11. 10. 1997 Stockholm.

(٥) أريك بنتلي، الحياة في الدراما، ترجمة: جبرا إبراهيم جبرا، الطبعة الثالثة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ١٩٨٢ بيروت.

(٦) ثربانتس، دون كيخوتة، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، دار المدى ١٩٩٨ دمشق.

(٧) د. غبريال وهبة، دون كيشوت بين الوهم والحقيقة ١٩٨٩ مطابع الهيئة المصرية للكتاب.

(٨) ما بعد الحداثة، ترجمة: أشرف صالح، الثقافة العالمية، ١٩٩٧ عدد ٨٣ ص١٣٧ الكويت.

(٩) أديب محمد الأشقر، الضحك هل نأخذة محمل الجد؟ العربي، عدد ٥١١ ص٩٦ يونيو ٢٠٠١ الكويت.

(١٠) عەلی ئیسماعیلزادە، هەرێم و سنووری تەنز، مەهاباد، ژمارە ٢ ل٣٢ بانەمەڕی ١٣٨٥

(١١) د. مکرم تاڵەبانی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل١٢ دەزگای ئاراس ٢٠٠١ هەولێر.

(*) irony

# جێگری سەرنووسەر

هەردووکمان نووسەر بووین، لەو نووسەرە کوردە دەگمەنانەی، کام ڕۆژنامە یان گۆڤاری نیشتمان زۆر سەنگین بوو، بەوپەڕی شانازی و گەرمییەوە، ئامێزی بۆ نووسینمان دەکردەوە. هەردووکمان تازەکی لە ئەورووپاوە گەڕابووینەوە و لە هەمان هۆتێلیش دابەزیبووین. سەرنووسەری گۆڤارێکی هەفتانە کە هەردووکمان ناوبەناو کەستەکی بەزەییمان دەتلیسایەوە و لە گۆڤارەکەیدا دەمانووسی، شەوێک لە باخی هەمان ئەو هۆتێلە پێنجئەستێرەیەدا کە لێی دەخەوتین، داوەتی کردین. سەرنووسەر خۆی بە تەنیا نەهاتبوو، جێگرەکەیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. داوەتەکە بە خواردنەوە دەستی پێ کرد.

ئەوە ڕێسایە، هەمیشە سەرۆک لە جێگرەکەی دەستڕۆییشتووترە، وەلێ ئەو ڕێسایە جێگری سەرنووسەری نەدەگرتەوە، ئاخر لە سەرۆکەکەی دەستوەشێنتربوو. جێگری سەرنووسەر کە من و هاوڕێیەکەم یەکەمین جارمان بوو بە دیداری شاد ببین، دەتگوت بۆ پێشبڕکێی خواردنەوە هاتووە، تا ئێمە سانتیلیترێکمان لە لیترەویسکییەکە دەخواردەوە، ئەو دەسیلیترێکی لێ نۆشی گیان دەکرد. جێگری سەرنووسەر تەنیا لە بواری خواردنەوەدا چالاک نەبوو، لە قسەکردنیشدا هێندە ئەکتیڤ بوو، سەرومڕ قسەی دەکرد و یەکێک بوو لەو جۆرە کەسە کەموێنانەی پێیان دەڵێن، دەڵێیت ڕادیۆی قوت داوە. دانیشتنەکە یان وەک نەوەی کۆن دەڵێن، گەعدەکە، لە ئێوارەکۆڕێک دەچوو بۆ جێگری سەرنووسەر ساز کرابێت و ئێمەیش گوێگری ئازیزی سەلار بووین.

جێگری سەرنووسەر هەرچەندە سێ چارەکی لیترەویسکییەکەی فڕ کرد، هەرچەندە یەکبینە دەپەیڤی و بەدەگمەن هەلی ئەوەی بۆ ئێمە دەڕەخساند،

بڵێین بەڵێ، کەچی سەروبنی قسەی باسی (بڕوابوون بە فرەلایەنی، ڕێزگرتن لەوانەی جیاواز بیر دەکەنەوە، بەرینکردنی ئەو پەراوێزی ئازادییەی کە هەیە، گوێگرتن لەوانەی ڕەخنەمان لێ دەگرن و بە هەند وەرگرتنی تێبینییەکانیان و والاکردنی دەرگای ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە ڕووی قەڵەمە نەیارە فیکرییەکانماندا بوو.) بە کورتییەکەی، بە قسە، خواوەندی دیمۆکراسی بوو، وەلێ بە کردەوە، ڕێی نەدەداین، ڕستەیەکی تەواو بدوێین.

دەڵێن لە هەندێک شەڕی گەرمدا، گوللە بەر گوللە کەوتووە، جێگری سەرنووسەر سیگارکێشێکی هێندە ڕاستەقینە بوو، یان دروستتر، سیگارکێشێکی ئەوەندە پیس بوو، جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند. ئەو لە جێگەیەکی هێندە ستراتیژیدا دانیشتبوو، تەواو کۆنترۆڵی مێزەکەی کردبوو، وەک چۆن هەڵۆیەک کۆنترۆڵی نێچیرەکەی دەکات، ئاوا و بگرە باشتریش کۆنترۆڵی هەموو ئەو خواردنەوە و خواردنانەی دەکرد کە لەسەر مێزەکە دانرابوون و دادەنران. هاوزەمان فریای خواردنەوە، خواردن، سیگارکێشان و قسەکردنی بەردەوامیش دەکەوت. لەسەر ئەو مێزە، ئێمە لە سێ مەلی باڵشکاوی کەسیرەبوو دەچووین و ئەویش لە واشەیەکی چوستوچالاک.

ئەوانەی هیچیان پێ نییە، کە ڕێیان دەکەوێتە شوێنێکی تازە، بەو مەبەستەی چی زووترە بیسەلمێنن کە زانان، دەزوو بۆ کولارەی قسە شل دەکەن و نایبڕنەوە، وەلێ نزیکەی هەمیشە، چیرۆکەکە بە پێچەوانەی خواستی وانەوە کۆتایی دێت و زانایی نا، نەزانیی خۆیان دەسەلمێنن.

کە خواردنەوە کۆتایی هات، ئێمە بە هەرسێکمان، چواریەکی لیترە ویسکییەکەمان خواردبووەوە، ئەو بە تەنیا سێ چارەکەکەی دیکەی، ئێمە بە هەرسێکمان چواریەکی قسەکانمان کردبوو، ئەو بە تەنیا سێ بەشەکەی دیکەی، مەزەیش هەروەها. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا، لەسەر سینییەکی بەرین، ماسییەکی گەورەی برژاو هات، نازانم ڕێکەوت بوو یان زادەی پلانێکی ورد دارێژراو، ماسییەکە وەها لەسەر مێزەکە دانرا کە جێگری سەرنووسەر دەیخواست. ماسییەکە بە جۆرێک کەوتە بن دەستییەوە، وەها کەوتە

خـواردنی، دەتگوت ئێـمـە بەشـداربووانی کـۆرسـێکی فـێـربوونی چۆنـیـەتیی مـاسـیـخـواردنین و ئـەویش مـامـۆسـتـای هونەری خـواردنی مـاسـیـیـە و بۆ ئەوە هـاتـووە، فـێـری تەکنیکی خـواردنی مـاسـیـمـان بکات. ئەو دیمەنـەیش زۆر سەرنجی ڕاکێشـام، کاتێک لە خواردنی ماسییەکە بووەوە، بە پارچەی پاکەتی جگەرەکەی، نێوان ددانەکانی خاوێن دەکردەوە!

نـازانم ئێـــوە ڕۆمـــانی (پیـــرە و زەریـا)ی (ئەرنـسـت هـەمـــەنگوای)تـان خـــوێندووەتـەوە یان نـا؟ پیـــرە، مـــاســـیـــیـــەکی زەبەلاح ڕاو دەکـــات، بەڵام (سـەگەمـاسـی)یەکـان پەلامـاری مـاسـییەکە دەدەن و دەیخـۆن و تەنیـا پەیکەری ئێسکەکەی دەهێڵنەوە. چونکە لە مـاوەیەکی کەمدا، جێگری سـەرنووسـەر لە ماسییەکە تەنیا پەراسووەکانی هێشتبووەوە، مـاسییەکەی پیرەی ڕۆمانەکەی هـەمـەنگوایم وەبیـر دەهاتـەوە. پێش ئەوەی لە سـەرنووسـەر جـیـا ببینەوە، پێم گوت: ڕۆمـانی پیرە و زەریات خـوێندووەتەوە؟ گوتی: بەڵێ، بۆچـی؟ گوتم: ئەوی لەگـەڵ خـۆتدا هێنابووت، هـەر جـێگری سـەرنووسـەر نـەبوو، خـۆی بە تـەنیـا کۆمەڵێک (قرش)یش بوو.

لەگەڵ هـاوڕێ نووسـەرەکەمدا، چووینـەوە بۆ ژوورەکەی من، ئەو دانیـشت و منیش چووم شـتـێکی بۆ بهێنم، بیـخـواتەوە. دەرگـای (مـینیـبـاڕ)ەکەم کـردەوە، هـەر سێڤنئەپ و ئاوی تێدا بوو، لێم پرسـی: سـێڤنێکت بۆ بهێنم؟ گوتـی: کوڕی باش! ڕادەبوێریت! بۆچی هیچم خواردووە تا سێڤنی بە سەردا بکەم؟

سەگەماسی: Shark

(یەخچاڵ) ێکی بچووکە: Minibar

## دارا غائیب

تازەکی بۆ کوردستــان گـەڕابوومــەوە، برادەرێک کە (دارا)ی نـاوە و نازناوی (غـائیب)ی بۆ خـۆی هـەڵـبژاردووە و وەک شـاعـیـر ناسـراوە، هـەر کـە یەکدیمان دەبینی، دەیگوت: سـەروەختی غەریبایەتی، تۆ زۆر خزمەتـی منت کردووە، بۆیە لە دڵەوە پێم خۆشە داوەتێکت بکەم، تکایە دڵم مەشکێنە!

چونکە پێ دەچوو بە ڕاسـتـی بێت، ئاخـر زوو زوو هـەمـان داخـوازیی تازە دەکردەوە، ڕێک کەوتین و ئێوارەیەک لە یانەیەک کە ئەو دەستنیشـانی کردبوو، کۆ بووینەوە. من هـەر خـۆم چووم، وەلێ ئەو کە هـات دوو هـاوڕێی لەگـەڵ خـۆی هێنابوو. کـە هـاتـە سـەر داواکـردنی خـواردنەوە، هـێندە دڵفـراوانـانە داوای ویسکـی و بیرەی دەکـرد، دەتگوت مـیـراتگری (کۆڵبنکیـان)ە، ئەوی لە سـەدا پێنجی داهـاتی نەوتـی عـێـراقی دەکـەوت، بۆ مـەزەیش گـوتی: هـەر چـی هـەیە، بیانهێنە! بۆ جگەرەیش داوای (مارڵبـۆرۆ)ی ئۆرگینالّی کرد کە گرانبەهاترین جگەرەیە لە کوردستـاندا هـەبێت. بۆ خـواردنیش ناوبەناو گۆشتی برژاوی بانگ دەکرد و لە دواییشدا تەشریبێکی دەبڵیان بۆ هێنا. کە هەستی کرد، من کەم دەخـۆمـەوە، ئـەو گـوتی: خـواردنەوە وا نـیـیـە، پێـویسـتـە وەک من، سـەرەتا بە بیـرەیەک ڕێ بـۆ ویسکیـیـەکـە تەخت بکەیت و کـە لە ویسکـی خـواردنەوەیش بوویتەوە، بە بیرەیەکی دیکە، هـەناوت ساف و فێنک بکەیتەوە.

گوێم لە ڕازی ئەستێرەیە،<br>
گوێم لە چرپەی پەنجەرەیە،<br>
گوێ لە ناڵەی دڵی شـاخ و<br>
هـاواری درەخت ڕادەگرم،

که پەپوولەیە هەڵدەفڕێ
منیش وەک ئەو باڵ دەگرم.

بەدەم خواردنەوەوە تاوە نا تاوێ یەکێک لە شیعرەکانی خۆی بۆ دەخوێندینەوە، شیعرەکانی دوو جۆر بوون، کورت و درێژ، کورتەکانی لەبەر بوو، درێژەکان لە بەرکیدا بوون. کارەسات ئەوە نەبوو کە شیعری بۆ دەخوێندینەوە، ئەوەبوو دوای خوێندنەوەی هەر شیعرێک، داوای لە من دەکرد، بیر و بۆچوونی خۆمی لەسەر بڵێم. دەیزانی لە بواری هەڵسەنگاندنی شیعری کۆن و نوێدا کارم کردووە، بۆیە هەر کە دەمم سووتا و گوتم: فلان شیعریان جوان بوو، وەک لەمێژبێت چاوەڕێی ئەو قسەیەی کردبێت، یەکسەر گوتی: ئێ دە باشە، ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، فەرموو ئەوە شیعرەکە لەسەری بنووسە!

ئەگەر دەتزانی، حاڵی من چۆنە
قەت نەتدەکردم، لۆمە و سەرکۆنە،
وەزعم ئەوەندە، پەرێشانە و شڕ
دوور نییە دڵم، بوەستێ لە پڕ.

ڕەنگە ئێستا تۆی خوێنەر لە دڵی خۆتدا بڵێیت: جا ئەوە داوەت بوو یان کۆڕی شیعری؟ ڕاستە داوەت نەبوو، وەلێ تەنیا لەبەر ئەوە نا، کە کۆشیعرێکی چاپنەکراوی خۆی بۆ خوێندینەوە، لە سۆنگەی ئەوەشەوە، کاتێک کە پسووڵەی حسابی دانیشتنەکە هات، خۆی گێل کرد و منیش چونکە لە بواری خۆگێلکردندا دەست و پێ سپیم، خۆم خوراند.

دوو مانگ یان زیاتر بەسەر ئەو (داوەت)ەدا تێپەڕیبوو، برادەرێکی دێرین و ئازیزی گەرمیانیم کە سەرنووسەری گۆڤارێکی ئەدەبییە، ئێوارەیەک زەنگی لێ دا و گوتی: حەز دەکەم ئەمشەو پێکەوە بین، هەردووکمان داوەتی کاک (دارا غائیب)ی شاعیرین.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو گوتە نەستەقەدا کە دەڵێت: (ئەگەر جارێک فریویان

دایت، خودا بیانگرێت، ئەگەر بۆ جاری دووەمیش هەر فریویان دایت، خودا بتگرێت،) بە برادەرە گەرمیانییەکەمم گوت: دارا غائیب فەرامۆش بکە! ئاخر ئەزموونێکی تاڵم لەگەڵیدا هەیە، خۆم دێم بۆ لات، لە جێیەک دووقۆڵی دادەنیشین و داوەتی منیش دەبێت. ئەو گوتی: تازە گفتم پێ داوە و ناکرێت پاشگەز ببمەوە.

وەک جارەکەی پێشوو، بە بیرەیەک رێی بۆ ویسکی خۆش کرد، بە کەیفی خۆی جگەرەی مارڵبۆرۆی ئۆرگیناڵ، مەزە و خواردنی بانگ کرد، تا تاقەتی چوو، شیعری خوێندەوە، بە بیرەیەکی دیکە کۆتایی بە دانیشتنەکە هێنا. کاتێک حسابنامەکە هات، ئەو دیسان خۆی گێل کرد و منیش دیسان خۆم خوراند.

هەفتەیەک دواتر لە چێشتخانەیەک نانم دەخوارد، لەناکاو دارا غائیب پەیدابوو، سڵاوی کرد و منیش بە گەرمی بەخێرم هێنا. هێشتا ئەو سەرگەرمی خواردن بوو، من بە دەستهەڵبڕینێک ماڵئاواییم لێ کرد. کە پارەی خواردنەکەی خۆمم دا، بۆ ئەوەی وا تێبگات، پارەی ئەویشم داوە، بە زەردەخەنەیەکەوە سەیرێکیم کرد، ئەویش بە ڕوویەکی گەشەوە سەری بۆ لەقاندم.

ئێستایش نازانم لە سۆنگەی چییەوە ناوی (دارا) بوو، ئاخر وەک (دەوڵەمەند) هەڵسوکەوتی نەدەکرد، وەلێ نازناوی (غائیب) پڕ بە پێستی بوو، چونکە سەروەختی هاتنی حسابنامە هەمیشە (بزر) بوو.

## ڕچەشکاندن

گرامشی دەیگوت: دەبێت ڕەشبینێکی پۆزەتیڤ بین، مەبەستی ئەوەبوو، وەک فیکر ڕەشبین، وەلێ وەک ویست گەشبین بین. من وەک فیکر و وەک ویستیش زۆر ڕەشبینم بەرانبەر بە داهاتووی شیعر، تا ئەو ئاستەی بەزەییم بەوانەدا دێتەوە کە بێجگە لە شیعر، توانای نووسینی هیچی دیکەیان نییە، ئاخر ئەوی تەنیا شیعرنووس بێت، هیچ بڵاوکراوەیەک ئاوڕی لێ ناداتەوە. ماکسیم ڕۆدنسۆن وەک ئایدۆلۆگی وازی لە مارکسیزم هێنا، وەلێ وەک سۆسیۆلۆگی هەر بە مارکسیست مایەوە، ئاخر پێی وابوو، ئەوەی مارکس لە بواری سۆسیۆلۆگیدا گوتوویەتی، بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک دروستە، وەلێ ئایدیۆلۆگی هەر دۆگما بەرهەم دەهێنێت. منیش خۆم وەک ئەو دێتە بەر چاو، ئاخر وەک تیۆری، واتا بە قسە، وازم لە شیعر هێناوە، بەڵام بە پراکتیک، واتا بە کردەوە، هەر دەینووسم.

جارێکیان سەندیکای نووسەرانی هەولێر کۆڕێکیان بۆ هۆمەری دزەیی ساز کردبوو، منیش بەو ئومێدەی هەندێک گۆرانی دەچڕێت، خۆم گەیاندە شوێنی مەبەست، کەچی لە بەدبەختیی من، دەستی بە خوێندنەوەی شیعر کرد. کارەسات ئەوەیە هەموو ئەوانەی شیعر دەنووسن کە لە ژمارە نایەن، خۆیان لێ دەبێت بە شاعیری گەورەی گەلەکەمان. بەو ئومێدەی گۆرانی بڵێت، ئەم دوو دێڕەم بۆ هەنارد:

بەڕێز هۆمەری دزەیی
تکایە تۆزێ بەزەیی
وەخت زێڕە نەک تەنەکە
گۆرانیمان لێت گەرەکە.

هەن پێیان وایە، لاسایکەرەوەی لێزان، داهێنەرێکی مەزنە، لە کن ئەوانە، لاساییکردنەوەی چاک هیچی لە داهێنان کەمتر نییە، وەلێ من پێم وایە، شاعیری ڕاستەقینە کەسێکە خۆی لە لاساییکردنەوە دەپارێزێت. من وەک شاعیرێکی داهێنەر، نەک لاساییکەرەوە، زۆر دڵم بە (نەورۆز) دەسووتا، ئاخر دەیان ساڵ بوو لە زیندانی (هۆز)دا گیری خواردبوو. هەر دێڕەشیعرێک نیوەی یەکەمی بە (نەورۆز) کۆتایی هاتبا، ئەوا نیوەی دووەمی بە (هۆز) دوایی دەهات. ئەوە من بووم، (نەورۆز)م لە دەستی (هۆز) قوتار کرد و کردم بە هاوسەروای (قەپۆز.)

یا خوا پیرۆز بێت، جەژنی نەورۆزتان
هەر ئاوەدان بێت، دەم و قەپۆزتان.

شیعر بە بۆ هاتنە، کە نەهات، نایەت، کە هات، دێت، ئەو دێڕەشیعرەم بەو بۆنەیەوە بۆ هات، کە ناسیاوێکم بە هۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە، چەند ددانێکی شکابوو. چونکە درەنگ یان زوو، هەموو کوردێک کێشەی ددانی دەبێت، بۆیە من لە مافی خۆم خۆش دەبم و ئێوەیش ئازادن لە نەورۆزدا، بۆ دۆست و خزمانی دەم و ددان پەرێشانی خۆتانی بنێرن، وەلێ هیچ ددانسازێک مافی ئەوەی نییە، بێ پرسی خۆم، دیواری شوێنی کاری پێ بڕازێنێتەوە.

ناسیاوە ددانشکاوەکەم، ئەوی هەوێنی ئەوەبوو، نەورۆز لە زیندانی هۆز ئازاد بکەم، بە نارەوا خۆی بە گۆرانیبێژی میللی دەزانی. ڕۆژێکیان لە شام پێکەوە، بۆ کۆنسێرتێک چووین، ئەوە زۆر سەرنجی ڕاکێشاین کە لە گەلێک شوێنی هۆڵەکەدا بە گەورەیی نووسرابوو: (ممنوع ضرب المطربین بالبندورة،) کە بە کوردی دەبێتە: تەماتەگرتنە گۆرانیبێژ قەدەغەیە. وەک دەزانن شاعیر دوو جۆرە، وەهبی و کەسبی، وەهبی شاعیرێکی خۆڕسک و خاوەنبەهرەیە، وەلێ (کەسبی) بەهرەدار نییە، بە هەوڵ و کۆششی خۆی، فێری تەکنیکی شیعرنووسین دەبێت. ئارسەر میللەر (چونکە هاوسەرینی مارلین مۆنرۆ بوو،

ڕەنگە بەختەوەرترین پیاوی سەر زەوین بووبێت،) دەڵێت: (بەهرە لە سنعەت زۆر گرنگترە، ئاخر ڕۆحی نووسەر لە ناو بەهرەدایە، نەک لە تەکنیکی نووسیندا.) لە سارتەر وایە، بۆدلیر چونکە لە ژیاندا کەسێکی تێکشکاو بوو، بۆیە بوو بەو شاعیرە سەرکەوتووە. ئەو قسەیەی سارتەر بۆ منیش تەواو دروستە. من کە شاعیرێکم خۆڕسک و حازربەدەست و بە سەر هونەری شیعردا زاڵ، (تەماتەگرتنە گۆرانیبێژ قەدەغەیە)م، وەها کرد بە شیعر:

میوانی هێژا، بە خێر بێی سەر چاو
دەنگبێژ مەدە بەر، تەماتەی شکاو!

دوای ڕاپەڕین لە هەولێر، ناسیاوە ددانشکاوەکەم لە پارکی گڵکەند ئاهەنگێکی گێڕا، من چونکە بە دەنگی سەرسام نەبووم و دەمخواست بە هەر نرخێک بێت، دەست لە یەخەی هونەر بەر بدات، لەبری چەپکێک گوڵی گەش و پاراو، بە دەسکێک تەڕەپیازەوە، چووم بۆ کۆنسێرتەکەی، کە لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا پێشکەشیم کرد، چونکە دنیا تاریک بوو بوو، منیش دەسکە تەڕەپیازەکەم سەروبن بە دەستەوە گرتبوو، سەرەتا لەو وابوو، چەپکێک نێرگزە، کە هەستی کرد دەسکێک تەڕەپیازە، دایەوە بە چڕوچاومدا و هەڵمەتی بۆ هێنام و لە چەند لایەکەوە ڕووخسارمی بریندار کرد، کە من هیچ پەرچەکردارێکی توندم نەبوو، هێور بووەوە و گوتی:

تۆ کە خۆت بە داهێنەر دەناساند و زوو زوو دەتگوت، شوێنپێی کەس هەڵناگرم و ڕێگەی تایبەت بە خۆم دەدۆزمەوە، دەبینم ئێستا لاسایی مەسیح دەکەیەوە، ئەوە نییە من لێت دەدەم و تۆ ئاسایی وەری دەگریت؟ منیش گوتم:

ددانی پێدا دەنێم، ئەگەر داهێنەرێک لە گۆڕێ هەبێت، ئەوە تۆیت، ئاخر چەندان ساڵ بوو هەر جەماوەر سووکایەتیی بە هونەرمەند دەکرد، تۆ یەکەمین هونەرمەندیت، لەو نەریتە باوە یاخی دەبیت و تاکێک لە جەماوەر دەکەیت بە پەند، دەست خۆش بۆ ئەو ڕچەشکاندنە کە لوتکەی داهێنانە.

٢٠١٠/٤/٦

## گەڕانەوە بۆ نیشتمان

تریستان تزارا

ڕۆژنامەیەکی دەهێنا،
گوتارێکی لێ هەڵدەبژارد،
لێی دەکردەوە،
یەک یەک وشەکانی دەبڕی،
لەنێو توورەکەیەکی دەکردن،
توورەکەکەی ڕادەوەشاند،
یەکە یەکە وشەکانی دەردەهێنا،
لە تەنیشت یەکدییەوە ڕیزی دەکردن،
بە نرخی شیعر بە خوێنەری دەفرۆشت.

دەگەڕێمەوە بۆ نیشتمان،
پرێسکۆنفرانسێک دەبەستم،
هەموو حیزبەکان بانگ دەکەم،
لەسەر پارچە کاغەزی جیا جیا
یەک یەک ناویان دەنووسم،
ناوەکانیان دەخەمە نێو توورەکەیەکەوە،
داوا لە نوێنەری گچکەترین حیزبیان دەکەم،
دوای ڕاوەشاندنی توورەکەکە،
بە چاوی نووقاوەوە،
ناوێک دەربهێنێت،
ناوی هەر حیزبێکی بە دەستەوە هات،
خۆم لای ئەو حیزبە ناونووس دەکەم.

ئەوی گاڵتەی بە شیعری تزارا هاتبا،
پێی دەگوت عەوام،
ئەوی فشەی بەم هەنگاوەم بێت،
ناوی دەنێم کاڵفام.

٢٠٠٥/١٠/١٨

(*) تریستان تزارا (١٨٩٦ لە ڕۆمانیا هاتە دنیاوە و ١٩٦٣ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کرد.) شاعیرێکی دادایست بوو، دادایزم بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی بوو، لە دژی یەکەمین جەنگی دنیاگرەوە و دووڕوویی سەری هەڵدا.

## شەوە و شەولەبان

سڵاوێک لە عەتر و عەبیر
بۆ تۆ مەلا عەلی باپیر،

هەر تۆمان هەبی بەسمانی
کاریزما و فەریادڕەسمانی،

ئێمە مێگەلین، تۆ شوانی
سایەی پیرۆزی یەزدانی،

گومڕاین، ڕێنیشاندەرمانی
خۆت عوسمان و عومەرمانی،

زاڵمین، خۆت زەواڵمانی
خۆت عەلی کیمیکاڵمانی،

بۆ پێشەوە

پێشمان کەوە،

تۆمان هەبی،

نە لە شەولەبان دەترسین،

نە لە شەوە،

ئێمە تۆمان خۆش گەرەکە
پێشمان کەوە، بۆ مەعرەکە،

ئارەزوومان لە جیهادە
یان سەرکەوتن، یان شەهادە.

٢٠٠٥/٦/١٦

کاریزما: ڕێبەری پیرۆز.
فەریادڕەس: کەسێک کە بە هانامانەوە دێت.
سایە: سێبەر.
گومڕا: ئەوی ڕێی ڕاستی بزر کردبێت.
کیمیکاڵ: کیمیاوی.
شەولەبان: باگردێن.
شەوە: جنۆکە، مۆتەکە.
مەعرەکە: شەڕ.
شەهادە: شەهیدبوون.

## کاریزما

ئەوە شتێکی نوێ بوو
کەسێ هێندە بێ گوێ بوو
جورئەتی کرد بپرسێ
ئەو سامانەت لە کوێ بوو؟

ویژدانی گەل خەوتبوو
تۆ بێدارت کردەوە،
تۆ بیرۆکەی شۆڕشت
هێنایە نێو کوردەوە.

تۆ بووی یەکەم شمشێرت
هەڵکێشا بە ڕووی زوڵما،
قەیرانی قارەمان بوو
بۆمان بووی بە کاریزما.

حیکمەتی تۆ نەبووایە
بە فیڕۆ دەچوو ڕەنجمان،
بە هۆی تۆوە وابەستەی
خاکی وەتەنن گەنجمان.

ئەی خاوەنی دەسەڵات
ناوی خوای لێ بهێنە!
ئەوی فزەی لێوە هات
وەکوو سەگ بیتۆپێنە!

ئەوە شتێکی نوێ بوو
کەسێ هێندە بێ گوێ بوو
جورئەتی کرد بپرسێ
ئەو سامانەت لە کوێ بوو؟

٢٠٠٧/٣/٢٨

## شیوەننامە

شیعری: ئەبو حوکەیمە

بە سووکە دەستکارییەکەوە کراوە بە کوردی

١

هیچی دی نییە، غەیری بێکەڵکی،
گەر نا چۆن سەری، دەچووە کن کلکی؟

منی کردووە بە پەندی عالەم
جیاوازە لە هی، گشت بەنی ئادەم.

بەس سوێندم بدە، هەڵناسێتەوە
کەمەی گۆچانە، ڕاست نابێتەوە؟

ئەوێ کە دەبوو وەک ئەلف وابێ
داخی گرانم هەر لە دال دەچێ

بە سیمای جوانم هەڵمەخەڵەتێ
بە هاناماوە، نەهات کەڕەتێ.

٢

هێندە بێهێزی، هەمیشە نوستووی،
پێش ئەوەی وادەی، پیری بێ، پیر بووی،

هەڵسە ئەی هینی هەردەم خەواڵووم!
هێندە خەوشی تۆم، پۆشی، وەڕز بووم،

قەت بووە گەنجێ، بۆ خۆی حازر بێ
کەچی هەرامەی تەواو بزر بێ؟

ئەوە چی بوو بەنگ، هەر بەری نەدای؟
ئەتۆ وانێکی؟ یان بەڵای خودای؟

جاران پێم وابوو، تۆزێ پاڵ کەوتووی
وەلێ هەنووکە، دڵنیام مردووی.

ئەبو حوکەیمە کە خەڵکی کووفە بووە و لە ساڵی (٢٤٠)ی کۆچیدا، لە ڕێگەی حەج کۆچی دوایی کردووە، ناوی ڕاشید بووە و کوڕی ئیسحاقی کاتیب بووە. دیوان أبي حكيمة، تحقيق و تذييل الدكتور محمد حسين الأعرجي، منشورات الجمل، الطبعة الثالثة ٢٠٠٧ كولونيا، ألمانيا.

## هاوارێک لە هەرێمەوە

(ئەگەر قادر نادر نەبا،
ئێمە نە ئاومان دەست دەکەوت،
نە کارەبا،
ئێمە پووش بووین،
پووشی بەردەمی ڕەشەبا،
ئەگەر قادر نادر نەبا.)

هۆ کاکە قادری نادر!
سڵاوێکی گەرمت لێ بێ،
گەرمتر لە کڵپەی ئاگر.
بیستوومە دەگەڕێیتەوە،
بەو خودایە گەر بێیتەوە،
شۆڕش هەڵدەگیرسێتەوە،
کوردستان بە کەرکووکەوە
لە عێراق جیا دەبێتەوە.

دە وەرەوە!
دەنگ دلێرەکەی دووروڵات،
ڕێبەرەکەی ڕێگەی خەبات،
با لە پێشوازیتا میللەت،
وەکوو زەریا شەپۆل بدات.

ده وەرەوە!

هۆ قادری قەدرگران!

هەرچوار پارچەکەی کوردستان

چاوەڕوانیی ئیعازی تۆن،

هەرچی گەنج و پیری کوردە،

سەربازی تۆن.

میللەت هەمووی

چاوەڕێی هاتنەوەی تۆیە،

خەڵکی دەڵێن:

هەر کاکە قادر(گۆدۆ)یە.

ده وەرەوە ئەی موعجیزە!
بژێوی بۆ
ئەم جەماوەرە دڵزیزە،
دابین بکە!
بە حەڵوای ڕستەی ئاگرین،
ژینی تاڵمان شیرین بکە!

ئەی شۆڕەسوارەکەی ئەدەب!
ئەی گەردەلوولێ لە غەزەب!
دە وەرەوە!
زلحیزبەکان
لە حوکوومەت جودا کەوە!
چاکسازی هەر بە خۆت دەکرێ،
بێ ئومێدین لە کۆششی کاکە نەوە.

ده وەرەوە!

ترست نەبێ،

کەسێ نییە

داوات لەسەر تۆمار بکا،

لووتی بشکێ،

ئەوی کەپووت لێ خوار بکا.

ده وەرەوە!

کاکە قادری قسە قەند،

خەمت نەبێ،

کەس پێت ناڵێ

کەرت بە چەند؟

٢٠١٠/١/١٨

## دەمگەرمەکەی بەفرستان

کـاکــە (توانا)ی، لەنێــو هەمــوو، کــوردا نادر!
هۆ لە زســتــانی ســوێدا، کــڵــپــەی ئاگــر!
هـۆ بـە قـــەوارە بـچـــووک و بـە قـــســـــە، زل!
بێــجگە لە تۆ، ئێــمــە کـێـمــان هەبوو ئاخـر؟

هۆ پێشمەرگەی شاخ و قوتە و دەشت و دۆڵم!
پارتیــزانی ناوەڕاســتی ســتــۆکــهــۆڵم،
هـۆ کـــوڕی کـــاتی تەنگانە! گـــەر تۆ نەبی،
کێ بگاتە فـــریای مـــیللەتی کـــڵـــۆڵم؟

تۆ کە پیاوی تەنگانە و ڕەمزی هەڵوێستی،
کەس شک نابەین، هێندەی تۆ قایم بێ، پێستی،
هۆ پێشەوا! گەر بێیتەوە، بۆ پێشوازیت،
خەڵکی هەولێر، دەڕژێنە سەر، جادەی شێستی.

خودا هەر بۆ خۆی دەزانێ چەند چالاکی،
شەوان یەکەم هەڵەوەڕی سەر پاڵتاکی،
ڕۆژان یان جنێو دەنووسی، بۆ جنێوپۆست،
یان فشەبێژی دەمگەرمی، دەزگای (چاک)ی!

کە لە پڕ لەو هۆڵە زلەدا نەڕاندت!
کە هەر چی مەرزی دیالۆگە بەزاندت!
مەگەر ئەبوو سابیر وا جوان لوشکە باوێ،
زۆر سەرسام بووین، بەو ماریفەتەی نواندت.

٢٠١٠/٢/١٢

## ئەوینێکی تاکلایەنی

وەرە سەیری دڵم بکە
بزانە غەیری وێنەی خۆت
هیچ دەبینی؟
وەرە لای من
هەموو شتێ جێی گومانە،
تۆ یەقینی.
وەرە توو چاوی لاورە*
وەرە توو سەری دیک چینی.**

وەرە ئەمرە،
هەر چیت فەرموو،
وەرە من لە ئاستی تۆدا
ملم باریکترە لە موو.

وەرە هەر تۆ،
زویر نەبی،
وەرە هەر تۆ،
ترۆم نەکەی وەک چەلەبی،
قایل دەبم
بە مۆدێلی ئوستانفیدرال،
پیرۆزت بێ بووکی کەرکووک،
پێشکەشت بێ نەفتی شیمال.

٢٠٠٤/٦/١٦

* ژنی سەرۆک بوش.
** جێگری بوش.

## به ڕووخسەتی پیرەمێرد

وەفدی کوردستان، گێچەڵفرۆشان
کۆلکەنوێنەری گەل و نیشتمان

چەپکێ گوڵاڵەی ئەو شارەزوورە
کە بە خوێناوی هەڵەبجە سوورە

بیبەنە بەردەم عەرشی جەعفەری*
پێی بڵێن قوربان هەر خۆت سەروەری

نەمانگەرەکە کۆماری فیدرال
بژی عێراقی کۆقەبر و ئەنفال

ئێوە ئەو زاتەی بڕوای بە غەیبە
بۆی بە چۆکدا دێن، هیچ ناڵێن عەیبە

یەکسانی و مەلا، ئازادی و ئاخوند
لە یەکدی دوورن وەک کیروونا و لوند**

حوشتر و حەمام، عێراق و (دەس توور)
خۆتان گێل مەکەن، هەی (دەس)تان بە (توور)

لە کوردستاندا کوردێ بمێنێ
لە هیچ مافێکی خۆی واز ناهێنێ.

٢٠٠٥/٨/٢١

(*) سەرەکوەزیرانی عێراق.

(**) کیروونا و لوند، دوو شاری سوێدن، دوو هێندەی زاخۆ و فاو لە یەکدییەوە دوورن.

## وەفدی کوردستان

**پیرەمێرد**

وەفـدی کـوردسـتـان مـیللەتفـرۆشـان
هـەرزەوەکـیلی شـاری خـامـۆشـان

دەسکێ لـە گـوڵەکـەی باخـەکـەی سـەرا
کـە بـە خـوێناوی مـیللەت ئاو درا

بیـــبـــەنە بەردەم عـــەرشـی عـــێـــراقی
بڵـــێن یـار باقی، هـەم سـوحـبـەت بـاقی

پەردە و تـارای سـوور بـەرن بۆ ئـەمـیـر
بڵێن دوای کوشتار، هێشتـا تۆی دڵگیر

دەک خـەجاڵەت بن لە ڕووی مـەحشـەرا
ئێـمـە خـاکی خـەم ئـەکـەین بە سـەرا

ئێوەش ئەو عەرشەی بە خوێن گوڵڕەنگە
سەجدەی بۆ ئەبەن، هیچ ناڵێن نەنگە

کورد نەمردووە، خەیاڵتان خاوە
بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە

من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەر ئەکەوێ.

١٩٣٠

## مەلا جێندەر*

* شیعرەکە لە بزاو ژمارە ٢٢، کانوونی دووەم ٩، ٢٠١١ بڵاوبووەتەوە.

## بە ڕووخسەتی حەزرەتی نالی

مــەلاکــەی مــاجــیــداوا، مــاڵی ئاوا[١]
خــەباتی (مــە)ی هـەمـوو داوە بـە ئاوا[٢]

لە بێ ئیشی و لە بێ عیلمی و لە داخا
ژنـانـی دایـە بـەر ڕێـژنـەی فـــــەتـاوا

مـــەلا بـەرگی حـــەریرە، قـــەلبی ئاسـن
دەڵـێ با ژن هـەمـــوو بـڕزێن لـە جـــاوا

ژنـی چـالاک لـە چاویـلکـەی مـــــــەلاوە
وەهـا چـاکـــــــە مـلـی بـکرێ بـە داوا

مــەلا دۆســتی ژنـانە، بەس بـە مــەرجێ
هەمـوو بووک بن، بە (خـۆ)شـی تاقـە زاوا

ژنی ئەکـتـیڤ، مــەلا نـاداتە بەر تیڤ[3]
دەچـێ هـانـا دەبـا بـۆ قـــــەیدی داوا.

٢٠١٠/١٢/٣٠

(١) فـەرمـان خـەرابەیی، مـەلای مزگـەوتی مـاجـیداوای هـەولێر و نووسـەری نامـیلکەی ڕاستییەکی ونبوو.
(٢) سوپاس بۆ حەزرەتی نالی (دروودی خوای لێ بێت) کە دەفەرمووێت:
جەنانی وەک جینان کردم بە ماوا
حــەبیبــەی ماڵیــاوا، مـاڵی ئـاوا
(٣) تیڤ: گیزەی گوللە.

## لەقەی ماین

داوای یەک دوو ماچم لێ کرد
بەم ڕۆژی ڤالانتاینە،
دڵی ناسکی شکاندم،
لەقەی لێ دام ئەو ماینە.

درۆیە کە گوتوویانە
ژانی نییە لەقەی ماین،
ئازاری هێندە بەسوێیە،
کەللە تیا نامێنێ ئاین.

شەرتە ئیدی تەکلیفی ماچ
هەرگیز نەکەم لە هیچ کچێ،
نەهێڵم شکۆم زامدار بێ،
بۆ سووکەمژینی لچێ.

کەی ماچ ئەوە دێنێ، ژنێ،
ڕەفز بە ڕووتەوە بنێ؟
ڕوو بکە قاپیی خوداوەند!
شەق هەڵدە لە خۆشیی دنێ!

٢٠١١/٢/١٤

دنێ: دنیا.

## ماچ و بەهەشت

گەر لەم ڕۆژە پیرۆزەدا،
کە عیلادی پێغەمبەرە،
ماچێ بدەی،
بەم شاعیرە قەڵەندەرە،
ئەوەندە خێرت دەگاتێ،
پارادیست مسۆگەرە.

١٢ی یەکەمین بەهاری ١٤٣٢

عیلاد: عیدی میلاد: جەژنی لەدایکبوون.
بە سوێدی بە بەهەشت دەڵێن: پارادیس، paradis
یەکەمین بەهار: ربیع الأول.

## خودا هەمیشە بێدارە

خودا هەرگیز شەکەت نابێ،
بیستوچوار سەعات ئیش دەکا،
چرکەیە دەستی بەتاڵ بێ،
شمشێرەکەی وارِنیش دەکا،
تەنانەت عەبدی ترِندەش
ئیشی نەبێ،
پیش دەخواتەوە و خیش دەکا،
ئەوی بڵێ،
خودا حەوجەی بە پشووە،

ئەوە قسە،
بۆ کەسانی یاغنیش دەکا،
ئاخر هەر زاتی خودایە،
ئێمەش بۆ ئیش،
قورمیش دەکا،
هەمیشە سوپاسی خودای مەزن بکەن!
ئەگەر نا ئەزموونی هەرێم،
تەفلیش دەکا.

٢٠١١/٢/١٦

وارنیش: هەر varnishی ئینگلیزییە، بە مانای تیفتیفەدان دێت.
ترنده: ئەوە نییە فرنده و درندەیشمان هەیە.
ئەم هەوڵە شیعرییە، دیالۆگە لەگەڵ هۆنراوەی (خودا دەیەوێ پشوو بدات)ی قوبادی جەلیزادەی شاعیردا.

## نامەیەکی سەرلۆک

چاک داماوین
بە دەست چەرخی نەزۆکەوە،
بە دەست خێڵی خشۆکەوە،
بە دەست نەوەی (زەبۆک)ەوە،
بە دەست زانای بێسەواد و
بە دەست مەلای دوازدە جەهل و
بە دەست بیری قرچۆکەوە،

له ترسی مەفرەزەی فەتوا،
ناوێرین چارەکێ فڕ کەین،
بە نۆکەوە،
ناوێرین ژنێ ڕامووسین،
لە بۆمان دێن
بە کەرپووچ و بلۆکەوە،

ناوێرین شیعرێ بنووسین،
دێنە سەرمان
بە سەیف و نارنجۆکەوە،
(گاڵتە ناکەم
مەیخەنە خانەی جۆکەوە،
چارمان نییە ئیللا مەگەر
بچینە نێو پاسۆکەوە.)

٢٠١٠/٢/٣

.........................................................

سەرلۆک: نەکراوە، سەرمۆر.
زەبۆک: قارەمانێکی قۆڵبڕی (عەزیز نەسین)ی ساتیرنووسە.
کەرپووچ: خشت.
سەیف: شمشێر.
جۆک: نوکتە.

## سولەیمانی

له بیـرم دێ سـولـەیمانی، مـەڵبـەندێکی هۆشـیـاری بوو
دەڤـــەری هـونـەری جـــوان و ئەدەبی بـەرەنگاری بـوو

نه دیلی دەسـتی ئیـخـوان بوو، نه ژێرچەپۆکەی قاعیده
نه شـمـشـێـری سـایکۆپاتێ، لـه پەڕەی دڵی کـاری بوو

نه کـەس گـەمـەی بە ئاوەزی، لاوه ئـازاکـانـی دەکـرد
نه ملـملانێـی سیـاسی، مـەشـرووعـێکی تیـجـاری بوو

جـاران لەوێ نه سـتـەمکار، باسی عـەدالەتی دەکـرد
نه دز دەیگوت بژی یاسـا، نه خـۆپیـشـانـدان یاری بوو

نە گۆشەنووسی بێسەواد، خۆی لێ دەبوو بە ڕۆبسپیر
نە سیخوڕی نێودەوڵەتان، نموونەی فیداکاری بوو

نە فەیلەسووفی قولابی، ڕۆڵی سارتەری دەبینی
نە کۆلکەمەلای لیخنبیر، هەتاوی کوردەواری بوو

دریغ بۆ ئەو دەمەی ئێمە، بە گڕ بەعسا دەچووینەوە
ئەوسا خەبات، ئەوەندە خاوێن بوو وەکوو، دڵداری بوو.

٢٠١١/٤/٩

## دارستانێک لە ناو

١
سەلاحەددینی خورماڵی
ڕۆحم ببێ بە بەرماڵی
گوتی ڕاستە ئێمە باڵی،
نەرم و نیانی ئیخوانین
بەڵام سنووردارە سەبر
خۆ لە سەرەدا ناوەستین
تا ڕۆژی حیساب و حەشر

٢

عەلی باپیر
کە بێ ئەوەی شازادە بێ،
بوو بە ئەمیر،
دوابەدوای بەسمەلە و تەکبیر
ڕیشی شانە کرد و فەرمووی
یان هیچمان ناوێ یان هەمووی.

٣

ئەگەر پیسکردنی ژینگە
لە کن ئێمە تاوان بووایە،
چونکە لە سیگارکێشاندا،
بێ هاوتایە،
دەبوو حەمەتۆفیق ڕەحیم
هەمیشە لە زیندان بووایە.

٤

ئەز نزانم
کاکە قالەی مامە عەزە
سەر بە لیستی دەسەڵاتە
یان سەنگەری موعارەزە؟

٥

کاک موسەننای ئەمینزادە

کە خوتبەی جومعەی گواستەوە

بۆ سەر جادە،

کە سەرسامە

بە ڕیشی ئەبو قەتادە،

دەڵێ: شەڕەبەرد، جیهادە.

٦

ببوورن منی گۆڕانچی
نوێژی هەینیم دابەستووە،
ئاخر سێ گای هەمان دۆڵین
خووی یەکتریمان گرتووە!

٧

موعارەزە،

ئەو وەختەی

عەقڵی جام دەبێ،

دەچێ سواری

ئەسپەشێی شەپۆلی توورەی

شەقام دەبێ.

٨

ڕۆشنبینم
بە ئایندەی گەل و وڵات،
ئاخر لە دوای
حەڤدەی شوبات،
شەڕی ناوخۆمان تێ پەڕاند،
گەیشتینە
شەڕە هەڵمات!

٩

تۆش گەندەڵی،
تۆش وەکوو ئەوانی دیکە
دڕندەی هەمان جەنگەڵی،
تۆش ڕابردووت پاکژ نییە
تۆش گردێکی لە چەپەڵی،
تەقەلای بێ وچانی تۆش
بۆ دراوە و بۆ سەندەڵی.

١٠

ئەگەر ڕۆژێ
سەرۆکی بەڕێزی هەرێم
لێم بپرسێ: کێ گەندەڵە؟
ڕەنگە بڵێم:
سوێند بە خودێی تاک و تەنێ،
ئەو جەنگەڵەی دەورەی داوی
نە دارێکی ساغی تیایە،
نە دەوەنێ.

١٩-٥-٢٠٠١

## پێڕست


له بارەی ساتیرەوە ........ 5
جێگری سەرنووسەر ........ 13
دارا غائیب ........ 16
ڕچەشکاندن ........ 19
گەڕانەوە بۆ نیشتمان ........ 22
شەوە و شەولەبان ........ 25
کاریزما ........ 29
شیوەننامە ........ 32
هاوارێک لە هەرێمەوە ........ 34
دەمگەرمەکەی بەفرستان ........ 41
ئەوینێکی تاکلایەنی ........ 43
بە ڕووخسەتی پیرەمێرد ........ 46
وەفدی کوردستان.. پیرەمێرد ........ 49
مەلا جێندەر ........ 52
بە ڕووخسەتی حەزرەتی نالی ........ 56
لەقەی ماین ........ 59
ماچ و بەهەشت ........ 62
خودا هەمیشە بێدارە ........ 63
نامەیەکی سەرلۆک ........ 65
سولەیمانی ........ 68
دارستانێک لە ناو ........ 70